لەنێوتان من نزیکترینم -لە شێوازی- ئەنجامدانی نوێژی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ؛ ئەمە چۆنیەتی نوێژکردنی بوو هەتا دونیای بەجێهێشت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە : «لە هەموو نوێژێکدا تەکبیری دەووت (تەکبیر واتە: ووتنی -الله أكبر-)، جا فەرز بێت یان فەرز نەبێت، کاتێک دەوەستا تەکبیری دەووت، وکاتێک ڕکوعی ببردایە تەکبیری دەووت، پاشان دەیووت: (سمع الله لمن حمده) واتە: (خوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -دەیانبیستێت- کە حەمد وستایشی دەکات)، پاشان دەیووت: (ربنا ولك الحمد) واتە: (پەروەردگارمان، حەمد وستایش تەنها بۆ تۆ بێت)، پێش ئەوەی سوجدە ببات، پاشان کاتێک بەرەو سوجدە بردن دەچوو دەیووت: (الله أكبر)، پاشان تەکبیری دەووت کاتێک سەری بەرز دەکردەوە لە سوجدە بردن، دواتر تەکبیری دەووت کاتێک سوجدەی دەبرد، پاشان تەکبیری دەووت کاتێک سەری دیسانەوە لە سوجدە بردن بەرز دەکردەوە، پاشان تەکبیری دەووت کاتێک هەڵدەستایەوە لە دانیشتن لە هەردوو ڕکاتەکە، ولە هەموو ڕکاتێکدا ئەمانەی ئەنجامدەدا هەتا نوێژەکەی تەواو دەکرد، پاشان لە دوای تەواوبوونی نوێژەکە -ئەبو هوڕەیڕە- ووتی: «سوێند بە ئەوەی کە نەفسی منی بەدەستە، لەنێوتان من نزیکترینم -لە شێوازی- ئەنجامدانی نوێژی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ؛ ئەمە چۆنیەتی نوێژکردنی بوو هەتا دونیای بەجێهێشت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەبو هوڕەیڕە بەشێك لە شێوازی نوێژکردنی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەموو نوێژێکدا بوەستایە بەمەبەستی نوێژ ئەنجامدان تەکبیری ئیحرامی دەووت (تەکبیری ئیحرام واتە: ووتنی یەکەم -الله أكبر- کە نوێژی پێ دادەبەستێت)، لەم کاتانەدا تەکبیری دەکرد -دەیووت: الله أكبر- : کاتێک بەرەو ڕکوع بردن دەچوو، و لەکاتی چوون بۆ سوجدە بردن، وکاتێک سەری بەرز دەکردەوە لە سوجدە بردن، وکاتێك دەچوو بۆ سوجدەی دووەم، و لەکاتی سەربەرزکردنەوە لە سوجدەی دووەم وهەستان بۆ ڕکاتی دواتر، و لەساتی هەستان لە خوێندنی تەشەهود -تەحیات- (لەو نوێژانەی سێ یان چوار ڕکاتن). بەڵام لەکاتی سەر بەزرکردنەوە لە ڕکوع بردن دەیووت: (سمع الله لمن حمده) واتە: (خوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -دەیانبیستێت- کە حەمد وستایشی دەکات)، پاشان هەر بەوەستانەوە دەیووت: (ربنا ولك الحمد) واتە: (پەروەردگارمان، حەمد وستایش تەنها بۆ تۆ بێت)، هەموو ڕکاتەکانی نوێژەکەی بەم شێوەیە ئەنجامدەدا ؛ هەتاوەکو سەلامی دەدایەوە. کاتێك ئەبو هوڕەیڕە نوێژەکەی تەواو کرد، ووتی: سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، شێوازی نوێژکردنی من نزیکترینە لە شێوازی نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ، ئەمە چۆنیەتی نوێژکردنی بوو هەتاوەکو دونیای بەجێهێشت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65098